# داخوازی ڕووناکبیرانی ناو وڵات لە بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەنزادە و کاک مستەفا هیجری

ئێمە کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی ناو وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانین کە لەبەر باری ئەمنییەتی ناتوانین ناومان ڕاستەوخۆ بنووسین.وەک بیستوومانە مەترسی ئینشیعاب لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا زۆر بوە.لەم قۆناغە حەساسەدا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت و ئێران بە گشتی تێیدایە ،دوو لق بوونی حیزب جگە لە بەرژەوەندی نیزامی دیکتاتۆری ئێران هیچی تری لێ نابێتەوە .ئێمە دڵنیاین دەسەڵاتی ئێران گڕی ئەم ئاگرە خۆش دەکات . دەمێکە ڕازانی پارێزەری کوردستان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا باسی بێ خەتەر بوونی حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان و کێشە ناوخۆییەکانیان دەکات . دوو لق بوونی حیزب ئەگەر ڕاست بێ (کە هیوادارین درۆ بێ)، بە ڕای ئێمە واتە خاپوور و نابوود بوونی حیزبی پێشەوا قازی محەمەدی نەمر و بە فیڕۆ چوونی خوێنی هەموو شەهیدانی حیزب، هەر لە پێشمەرگە قارەمانەکانیەوە تا شەهید دوکتۆر قاسملوی نەمر و شەهید دوکتۆر سەعید و ...

کەواتە مامۆستا عەبدوڵڵای بەڕێز و کاک مستەفای بەڕێز تکاتان لێ دەکەین و سوێندتان دەدەین بە خاکی کوردستان و بە گۆڕی شەهیدان ،مەهێڵن حیزب ئینشیعابی تێکەوێ . تکایە تکایە تکایە حیزبی پێشەوامان بپارێزن . تکایە تکایە تکایە دڵی کۆماری ئیسلامی خۆش مەکەن .تکایە تکایە تکایە یەکگرتوو بن .ئیمڕۆکە یەکگرتوویی لە هەموو کاتێک پێویستترە .

کۆمەڵێک نووسەر و ڕووناکبیری ناوخۆی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

1384/3/15